# گوڵە هێرۆكانی پشت

# روحمان

هۆشەنگ

2007/9/28

بۆن





گوڵە هێرۆكان تێكەڵ بە مەمكەكانی یادگاری ئەبن و

من و تۆش وەك دوو كانیلە و .. دوو سنۆبەری دوور

تێكەڵ بە بۆنی ئەو مەمكانە ئەبین و

وەك منالان دەم ئەنێین بە لێوی پشكۆكان..

سەختە هەڵزنان بە چێژی ئەم وشانەوە

لەزەتە ئەو ئازارەی لە رۆحمانەوە بەرەو هەبوون

رۆئەچێتە خانە خانەی چیرۆكەكانی عەشق

لەو ئازارە رائەژیێن و بەزەمان و خەلوەتگەكانی روحمانەوە وەرئەبین

وەرئەبین بە بۆنی گوڵە هێرۆ و دیدەی شەوانێك

كە تروسكایی چاوی شعری تێدا دا ئەگیرسێ

نامەكان ئێستا بۆنی دوور دووری ئێمە لە گەردەن و سینگمانەوە ئەفڕێنن

ئەفڕین و بێ باڵ بە مەستی خەیاڵێكەوە لە جوانی

من بە گومان و سەمای وشنە گەڕۆكەكان

تۆش بە خەزینەی جوانییەکان و شەرمنی خۆشەویستییەکەوە

باڵ ئەگرین لە باخچەیەکدا و

گوڵ ئەگرین لە ئاسمانێکدا..

لەسەر لەرەی دەنگتەوە ئاوازێکی دوور دوور ، نزیک نزیک ئەخەیتەوە رۆحی من

من چیم هەیە .. گوڵە هێرۆ

فانتازیایەک لە مەحەبەت و

نازێک بەبەر پەنجەکانتەوە بکەم

من چیم هەیە لە سەرمایەی شعر و لە بۆنی جێژوانەکان زێتر

من چیم هەیە لە تریفەی شەڕابێکی مەست مەست بە بۆنی ترێ

با، لێرەوە رەت ئەبێت و ئەگاتە کۆڵانەکانی روحم

هەتاو، لێرە دەرئەکەوێت و ئەچێتەوە خوێنم

بە عومرێکی درێژەوە لەبەرامبەر برژانگەکانی مندا گۆرانی بۆ خۆت و خۆم و دونیا بڵێ

بەسۆزی حەرفێکی هەوەسبازەوە سەمایەک لەسەر دڵم بکە و

بزانە تۆ لەوێوە ئازادی

لەوێوە ئەتوانی بۆنی گوڵە هێرۆکان تێکەڵ بە خۆم و خۆت کەیت

ئیدی وەرە بمبە بۆ ناو باخی گوڵە هێرۆکان

بمبە لەو گولانەوە تەڕ تەڕم کە

لەو گولانەوە بزر بزرم کە

با رەنگی گوڵە هێرۆیەک بگرم و لەبەر تریفەی تریفەدا ببریقێمەوە

وامەزانە تریفە تەنیا شەوەکان جوان ئەکات

تریفە رێگە بۆ گوڵە هێرۆکانیش خۆش ئەکات

تا بۆنیان بگەیەننە سەر گەردەن و نێوان مەمکی درەختەکان